www.kurdistannet.org
2-1-2003 13:34

# شەڕنامە

ئیحسان وەلزی
ihsan@ruanin.net

ئەو رۆژەی کە تیایدا باوکم
چاوی بەرووی دونیادا هەڵهێنا
شەڕ بوو . .
ئەو رۆژەش کە چوو دایکم بخوازێ
نازانم شەڕ
یان پشووی نێوان دوو شەڕ بوو .
*****
شتێ دەگمەن بێت، ناوی زۆرە
کەچی ناویان نەنام ئاشتی
گەرچی ساڵێک منی تێدا لەدایکبووم
هەر دوازدە مانگەکەی
شەڕ بوو.
*****
پۆلی یەک بووم
پیاو هەق بڵێ
ئەو ئێوارەیە شەڕ نا،
یاریەکی منداڵانی دێکەمان بوو؛
گرمەی هەوراسای فرۆکە پەرتی کردین
دیسان شەڕ بوو. . .
لەو رۆژەوە
ئیدی ئەشکەوتێک ماڵمان و
ماڵەکەشمان
نیشانەی مێگ و باجەر بوو .
*****
باوکم حەفتا و چەند ساڵێک ژیا
ئەو رۆژەش کە بۆ دوایین جار چاوی لێکنا
لە ناو شار و دەوروبەریی
هێشتا شەڕ بوو . .
ساڵان چوون و
نیەتم هێنا ئۆغرکەم و

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

ئەو شەڕستانە جێبێڵم
کە دوا لووتکەی کێوەکانی نیشتیمانم لە چاو وون بوون
لەوێ شەڕ بوو .

*****

دوێنێ جەژن و
بە تاسەوە چاوەڕوانی دەنگێکی وڵات بووم
یەکەم پەیام کە پێمگەیشت
جەژنانە چی!
هەواڵی هەڵگیرسانەوەی
هەزاربارەی شەڕ بوو.

*****

کانونی یەکەمی ٢٠٠٢
بەرلین

www.kurdistannet.org کوردستان نێت